Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland
یەکێتی نووسەرانی کورد لە هۆڵندە

سەرنج: ئەم نوسینە لە لایەن نوسەرەکەیەوە چۆن بۆمان نێردراوە، وەک خۆی بڵاومان کردۆتەوە، ئێمە لە شێوازی نوسین و ڕێنوسەکەی بەرپرسیار نین.

زمانی شیعر

بریتییە لە کۆکردنەوەی کەللتوور، ڕۆشنبیری، و فکر و فەلسەفە بۆ خەستکردنەوەی بە دیهینانێکی بەرهەمی عەقڵ و بەکارهێنانی لە ڕێکخستن وە کۆکردنەوەی هەموو ئەو چەمکانەی بەشانی ڕوداوەکانی زەمەن لە نێوان بوونی مرۆڤ و سروشتا، کە عەقڵ ناتوانی سنووریکی دیاری کراوی بۆدابنێ. بۆ هێنانەدی بەرهەمێک لەم جۆرە ئەوا شیعر ئەبێت، لەنێو زمانێکی تایبەتا خۆی بدۆزێتەوە لە بەشداربوونی قسەی ساناو،سادەی نێو کۆمەڵ وە بە تێکەڵ بوونی هەموو چەمکە زانستییەکانەوە. وەبەتایبەت دەبێت لەناو کیانی ئەوزمانە هێزێک پەیدابکات کە بتوانێ کاری گەری نێو کۆمەڵی تییا وە دەرکەوێ، وە بتوانێ چۆن فەلسەفەی خۆی تیا بەیان بکات،لە ڕووی شارەزای زمانەوە لەناو تووێشەبەرەیکی ناسکوو سازواریکی پاراوا خۆی ببینێو بناسینێ، لەلایەکی ترەوەو چۆن بتوانێ ڕەنگەکان لەگەڵ ووشەیا ڕەنگ بکات کە مرۆڤ جووانی و خۆشییان لێ وەر گرێ لە هێمایەکی ئەدەبییا.

وەیا بتوانێ زمانە شیعرییەکە جییا بکاتەوە لە زمانی دەرەوەی شیعرو،قسەکردنی زمانی خەڵکی ئاسایی .ئەبێت ئە وهەوڵەی تیا بەدی بکرێت

کە داهێنەرێکی مۆسیقی شیعرییە.هەر ئەوەشە کە خوێنەری شیعر زۆر جار لەکاتی خوێندنەوەی شیعرێکا ئەڵێن شیعرێکی مۆسیقییە، هەست ئەکەن کە ئەو قسانە تەواو زمانێکی شیعرن، زمانی مۆسیقین،زمانی ڕەنگەکانن زمانی ناسکیو ململانێی ژیانن بە جۆرێک کە هێزی داهێنانی واتایی ئەبێت ، کە لە ڕێگای عەقڵەوە خۆی لە سنووریکی دیاری کراوا ناهێڵێ. وەیەکێ لە ئەرکەجوانەکانی زمانی شیعر گواستنەوەی مانای ووشەیە لە جوانییەکەوە بۆ جوانییەکی تر،لە هەستێکەوەو بۆ هەستێکی تر بە هاوبەشکردنی لە زمانی کۆمەڵ و خوودی شیعر. ئەو هێزە واتاییە،یا بڵێم ئەو هێزە معنوی یە کە بتوانێ عقڵ بکاتە گەڕان بەدوای ئە ووشانەی لە ئەدەبییاتی زمانی شیعردا نامۆن، هێزی شیعریش بکاتە بالادەست لە ویست و خواستی بەرهەمەکەیا لە ڕێگای زمانی شیعرییەوە.

زمانی گەیاندنی فکرو کاردانەوەی لە وەڵامو پرسیارەکانی سرووشت و وە رووداوە مرۆییەکاندا هەم لە زمانی ووشەوە بۆ ئەوەی تەواوی ئەم راستییە ببێتە بەرهەمێکی هەڵقووڵاوی زمانی شیعرو، ئەدەبی شیعر وە ئەبیت بکرێتە پرۆژە و دووبارە لە بەرهەمێکی بە پرۆژەبوون ببینرێتەوە بۆ نموونە ئەگەر مەمو زینی ئەحمەدی خانی تەنها لە زمانی شیعرییا بمەێنیتەوەو نەکریتە پرۆژە ئەوا ئەو کاتە زمانە شیعرییەکە بە بێ بە پرژەبوون ئەو کەریگەرییەی نابێت. واتە مرۆڤ بۆ ئەوەی تێبگات لەو کاریگەرییانە لە ڕێگای بەرهەمە شیعرییەکانەوە ئەچێتە ناو کاری زمانی شیعری لە رووی چەند خاڵێکی تایبەتەوە وەکوو؛

؛ لەرووی هەستکردن باشتەکانەوە

؛ چۆن تامو چێژ لە ووشەکان وەر بگرین

؛ڕەفتاری زمانی شیعر لە بەرامبەر خۆشەویستی بۆ ووشەکان

؛ رەفتاری زمانی شیعر بۆ خاک،نیشتمان ، نەتەوە

؛ ڕەفتاری زمانی شیعر لە ڕا دەربڕین لە بەرامبەر سیاسەت وهەموو چەمکە زانستییەکان.

؛ دوا خاڵ کە جەوهەری زمانە شیعرییەکەیە چۆن بتوانێ هەوڵ بات لە ڕووی تێگەیشتنەوە بە دونیای واتاییەوە بۆ گەیشتن و بەستنەوەی بە دونیای مادەوە، کە پابەندە بەو پەیوەندیانەی لە نیوان حەزەکانی مرۆڤ و نییازەکان لە ڕۆحی مرۆڤاو داوا کردنی ڕۆح لە نیازو ئارەزووەکان وە هێنانە کایەی داوای دەسەڵاتی مرۆڤ بۆ پرسیار کردن لە بووناکان و نێوان ڕووداوە جۆر بە جۆرەکان و ململانێی خوودی مرۆڤ و سرووشت وە پەیوەست بونیان بە زمانی شیعرەوە، وە هەروەها زمانی شیعر بتوانێ میتۆلۆژییا لە سەردەمە کلاسیکیەکانەوە بکاتەوە بە بابەتێکی مۆدێرن بەمانایەکی جوانتر

وە بە میتۆدییەکی دروست بیان کاتەوە بە بەرهەمێکی نوێ بۆ مرۆڤ ومرۆڤایەتی بۆ لە ناو نەچوونی ئەو میتۆلۆژییانەی کە ئێمە خاوەنی بووین و

ئەمانەوێ خاوەنداری بکەین. لە کاتێکا بەرهەمێک دێتە بەرهەم ئەبێت هۆکاری کەرتێکردنی هەبێت ئەگەر بۆ ساتێکی کەمییش بێت لە ڕووی هەست و نەستەوە، لە ڕووی عەقڵ و فەلسەفەوە یا لە هەر چەمکێکی تری ژیانەوە بێت ئەو کاتە مانای ئەوەیە کە ئەو بەرهەمە شیعرییە لە ئارەزوو، حەزوو ویست و خواستی مرۆڤا درۆست بووە، خۆ ئەگەر وا نەبوو ئەوە بە پێچەوانەوە ئەشێ کاربکاتە سەر دەروونی ئەو مرۆڤە وە ببێتە هۆکارێک لە کیانی ئەو مرۆڤەیا تەنانەت ببێتە هۆکاری تووڕەبوونیش. بۆیە لێرەدا دووبارەی ئەکەمەوە کە زمانی شیعری بۆ گەیاندن بەو مەبەستە شیعرییەکە هۆکارێکی هەرە مەزنە لە گواستنەوەی مانای ووشە وە ڕێکخستنی بیرۆکەکان لە ڕەنگ کردن و بە مۆسیقی کردنی شیعری لە داهێنانی بەرهەمێکی شیعرییا کە بتوانی مانای جوانی ووشەو خۆشی بگەیانێت لەمەبەستیا بەرامبەر بە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

11/06/2009